# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Referendum for Kurdistan

## بانگێشتی گشتی بۆ

## کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان ،لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان و هێزە هاوپشتیوانیەکانی کوردستان

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە کوردستان ولە دەرەوە بەرێوەیە. ئەم دوو کۆنگرەیە لە کاتێکی حەساس و چارەنوس سازدا دەگیرێت کە لە عیراقدا خەریکە هەلبژاردنێك بەرپا دەکرێت و کوردستان دەخرێتەوە ژێرسایەی دەولەتی مەرکەزی عیراق. خەڵکی کوردستان ئەنجامی هەلبژاردنەکە ، کە رژێمێکی ئیسلامی و قەومی عەرەبی دێنێتە سەرکار ، بە ترس و هەڕەشەیەك بۆ سەر ماف و چارەنوسی خۆی دەزانێت. هەربۆیە پێویستە پێش ڕوودانی ئەم هەڵبژاردنە خەڵکی کوردستان بریارێك بدات وکارێك بکات بۆ پاراستنی مافی خۆی و چارەنوسی سیاسی کوردستان.

ئێمە لەم کۆنگرەیەدا بۆ ئەم بریار و کارکردنە کۆدەبینەوە . ئەمە ئەو شوێنەیە کە پێویستە جەماوەری کوردستان و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی تیایدا کۆببنەوە و بریار بدەن . پێویستە هەموو هێزەکانمان لەم کۆنگرانەدا کۆبکەینەوە و خۆمان ئامادە ورێکخراو بکەین بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر ئەم هەڕەشانە و بۆ پێداگری لەسەر مافەکانمان. هەر بۆیە ئێمە لە ڕێگەی ئەم بانگەوازەوە بانگێشتی هەمووان دەکەین بۆ ئامادەبون لەم کۆنگرانەدا . هەرکەسێك و لایەنێك خۆی بە بەشدار دەزانێت لەم دوو دروشمەی خوارەوەدا و پشتیوانی لەم خواستانە دەکات داواکارین بەهەر شێوەیەك دەتوانێت بە شداری ئەم کۆنگرانە بکات.

بەشداری (کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان) بکەن

بۆ بریاردان و کارکردن لە پێناو :

یەکەم : رفراندۆم لە کوردستان پێش هەلبژاردن لە عیراقدا،

دووەم: رفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی یان مانەوە لە عیراقدا.

بەشداری کردنتان دە توانێت بە ئامادەبوون بێت یان

بەناردنی نامەی هاوپشتی لەم کۆنگرانە

کۆبونەوە و بەشداریتان لەم کۆنگرانەدا لەپێناو کۆکردنەوە و ریکخستنی هێزمانە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو داخوازیانەی خەڵکی کوردستان

**کۆنگرەی کوردستان لەشاری سلێمانییە ڕۆژی 25نۆڤەمبەری 2004**

**کۆنگرەی دەرەوە لە شاری لندنە ڕۆژی 5 دیسەمبەری 2004 – کۆنگرەکە بەزمانی کوردی وئینگلیزییە**

**PO BOX 1575 ILFORD IG1 3B2**
**TEL:07795330896**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com**
**www.kurdistanreferendum.net**